# مێژووی گوگل

حامید دورودی - سوید

٢٠٠٣



مێژووی گووگڵ بێ گومان ماڵپەڕی«لە شوێنگەرانی www.google.com، نە تەنیا بەربڵاوترین ماڵپەڕی لە شوێنگەران، بەڵکوو دەبێ ناوی گەورەترین ماڵپەڕی ئینترنێتی لیێ بنرێ.

تکنۆلۆژی تایبەت بەم ماڵپەڕە، پشتیوانی زمانە جۆراوجۆرەکان و لە خۆ گرتنی ماڵپەڕگەلی deja.com (پێشرەو لە سیستەمی usenet) و blogger.com (پێشرەو لە لایەنی وێبلاگە کەسییەکانەوە) تەنیا بەشێکی زۆر کەمی ئەم ماڵپەڕە تایبەتییەن. گووگڵ یانێ چي؟

لەفزی google لە گەمە یان پیتی وشەی googol پێک ەاتووە. وشەی googol یانی: ژمارەی ١ و سەد سفر لە پێشیەوە. لە دونیا دا هیچی تر بە قەد "گووگڵ" نابی.

نە ئەستێرەکان، نە زەڕاتی مەعەڵەق و نە ژمارەی هەموو ئوتومەکان. ئەم ئایدەش کە ناوی گووگڵ بۆ ماڵپەڕێکی لە شوێنگەران هەڵبژێرن، تێکۆشانی ئەم شیرکەتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بوو کە ڕێکوپێک و دەستەبەندی ئەو هەموو زانیاریانەیە کە لە جیهانی ئینترنێتدان.

پێش لە گووگڵ هەوەڵین چاوپێکەوتنی پێکهێنەرانی گووگڵ "لەڕی پەیج" (Page larry) و "سەرگی برین" (Sergey Brin)، هەمووی بە باس و وتوێژ دەرباز بوو. ئەم دووانەش بۆ یەکەم جار هاوینی ١٩٩٥ لە زانکۆی کامپیۆتەریی ئستنفۆرد دا یەکترییان بینی.

ئەو کات "لەڕی" ٢٤ ساڵە تازە لینسانسەکەی لە زانکۆی "میشیگان"دا وەرگرتبوو و بۆ ئاشنایی بە شوێنە نوێکەی کە بریار وابوو، تێیدا درێژە بە خوێندن بدا هاتبووە ئەم زانکۆیە. "سەرگی"ش کە ٢٣ ساڵی بوو، یەکێک لە خوێندکاری ساڵێک بانتر بوو کە بریار بوو، خوێندکارانی تازە هاتوو بۆ ئەم زانکۆیە، بە شوێنەکە ئاشنا بکا. ئەم دووانە لە سەر هەر بابەتێک دەدوان، بیروڕای جیاواز لە یەکتریان هەبوو. ڕەنگە هەر ئەم جیاوازی بیروڕایەش بووبێ کە ئەوانی هێنابێتیانە سەر ئەو باوەرە کە لە کۆتاییدا بتوانن چارەسەرێک بۆ قوڵترین بەش لە بواری کامپیۆتەردا بدۆزنەوە.

ئەمەش شتێکی زۆر گرنگ بێجگە لە وەدەست هێنانی زانیارییەکی یەکجار زۆری زانستی نەبوو.

ئەم دووانە لە مانگی ژانویەی ساڵی ١٩٩٦دا هاوکاری خۆیان بۆ دارشتنی ماڵپەڕێکی لەشوێنگەران بە ناوی BackRub دەست پێ کرد. ئەم ماڵپەڕەی ئەوان دەتوانی ئەو Link ی کە لە یەک فایل پێک ەاتوون، هەڵیانسەنگێنێ و ئانالیزیان بکا. ساڵێک دواتر ئەم ماڵپەڕە توانی ناوبانگێک بۆ خۆی وەدەست بێنی. لە نیوەی هەوەڵی ساڵی ١٩٩٨دا لەڕی و سەرگی درێژەیان بە پێشخستنی ئەم فەنە نوێیەی خۆیان دا.

تاکوو ئەم ڕێکەوتەش ئەمان لە کامپیۆتەر و "سەرڤر"ی بە قەرز گیراو بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم خزمەتە بۆ دۆستان و ناسیاوانیان کەڵکیان وەردەگرت.

هەرجۆرێک بێ توانیان بە نرخێکی گونجاو "ترابایت" هاردیسکێک (یەک ترابایت هەزار گیگا بایتە) بکرن و لە ژووری خەوتنی "لەڕي"دا دابینێن و سیستەمی خۆیان دەست پێ بکەن.

لە هەمان کاتیشدا "سەرگي" دەفتەرێکی کردەوە و پێکەوە کەوتنە فرۆشتنی ئەم فەنە نوێ لە شوێنگەرانە، کە لە هەموو سیستەمە لەشوێنگەرانەکانی کاتی خۆی باشتر بوو. لەو کاتەشدا ئەم دوانە هیچیان خوازیاری ئەوە نەبوون کە ئەم فەنە نوێیە کۆمپانیایەک بۆ خۆی ساز بکا.

لەوانەی کە ئەمان پێشنیاری فرۆشتنی تکنۆلۆژیە نوێکەی خۆیانیان پێ کرد، هاوڕێکەیان "دەیڤید فیلۆ" بوو کە خۆی یەکێک لە دوو کەسی بنیاتنەری ماڵپەڕی "یاهو" بوو.

لەو لایەنەوە کە ئەم فەنە نوێیە شوێنی پەیدا کردنی بازاڕی دیدایە، فیلۆ ئەم دوانەی هان دا کە ئەم سرڤیسەیان بە پێک هێنانی کۆمپانیایەک پەرە پێ بدەن. پێشی وتن کە ئەگەر سرڤیسەکە بەتەواوی کەوتە ڕێ، ئەو کات دەتوانن لەسەری بدوێن. دیارە خەڵکی دیکەش لە وەڵامی ئەماندا زۆر ساردوسڕ بوون، تەنانەت یەکێک لە کۆمپانیاکان پێی وتبوون:" کاتێک سرڤیسی من وەڵامدەری لە سەددا هەشتای سرڤیسی ڕەقیبەکەمە، بەسمە، تازە خۆ مشتەریەکانی ئێمە لە "شوێن" ناگەڕێن." سازدانی کۆمپانیا لەڕێ و سەرگی کاتێک زانیان کە ناتوانن سرڤیسەکەیان بە کەسێک بفرۆشن، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە خۆیان دەستپێکەر بن، تەنیا شتێک کە پێویستیان بوو، دراو (پوڵ) بوو بۆ ئەوەی بتوانن لە ژووری خەوتنەکە وەدەرکەون، لە هەمان کاتدا گرفتی کارتی ئیعتبارەکەشیان بوو کە لەبەر کڕینی یەک ترابایت مێشکی کامپیوتەر لە گرەودا بوو، دەبوا ئەیشیان ئازاد کردبایە.

پێشنیارێکی بازرگانیان ئامادە کرد و لە جیگای ئەوە دوکتۆراکەیان وەرگرن، کەوتنە دوای وەدەست خستنی سەرمایە. هەوەڵین سەرمایەیەک کە توانیان وەدەستی بێنن، هی "ئەندی بەکتولشیم" بوو، کە خۆی یەکێک لە بنیاتنەرانی کۆمپانیای "سان مایکرو سیستەمز" و مامۆستای زانکۆی "ستێنفۆرد" بوو. ناوبراو بە دیتنی ئیمکانات و توانای لە ڕادەبەدەری گووگڵ، بێ ڕاوەستان چێکێکی سەد هەزار دۆلاری بە ناوی کۆمپانیای گووگڵ کێشا.

بەڵام گۆڕینەوەی چەکەکە بە پوڵی نەقد، چەند حەوتوویەک درێژەی کێشا، تەنیا لەبەر ئەوە، کۆمپانیای گووگڵ هێشتا مۆڵەتی یاسایی نەبوو. لە کۆتاییدا ئەم دووانە توانیان بۆ دەست پێکردنی کارەکەیان نزیکەی میلیۆنێک دۆلار کۆ بکەنەوە.

سەرئەنجام ٧ی مانگی سپتەمبری ساڵی ١٩٩٨ کۆمپانیای گووگڵ دەرگاکانی خۆی کردەوە و هەوەڵین بەڕێوەبەری خۆی، واتا "کرگ سیلڤرشتاین" کە ئێستا بەرپرسی کۆمپانیای گووگڵە دائەمەزرێنێ.







گووگڵ کارەکانی خۆی دەبردە پێش و هەمان ساڵیش مشتەریەکانیان لە وڵاتانی ئیتالیا و ئینگلیزەوە پەیماننامەیان لەگەڵ نووسین. تاکوو وای لێهات کە ساڵی ١٩٩٩ گۆڤاری " PC Magazine " خەڵاتی خۆی بۆ باشترین کاری فەنی لە دانانی سیستەمگەلی وێب بەم شیرکەتە بەخشی، سەرەڕای ئەمەش چەندین خەڵاتی بۆ باشترین وێب وەرگرت. گۆڤاری "تایمز"یش ئەم ماڵپەڕەی لە لیستەی دە ماڵپەڕی دونیادا دانا. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا پێشکەوتنی گووگڵ بەردەوام بوو و سەرەڕای ئەوە توانی بێجگە لەوەی دوو خەڵاتی "وب"ی کە لە شانی خەڵاتی نۆبیل دان وەرگری، چەند سرڤیسی نوێش بناسێنێ.

ئەمان سیستەمی دەستبەندی ماڵپەرەکانیان بە شێوەی Open Directoryی کۆمپانیای Netscape داناوە. سرڤیسێکی دیکەش کە ئەمانی بە دونیا ناسان، ئەوە بوو کە مرۆڤ دەیتوانی بە زمانەکانی دیکەش لە شوێن مەبەستی خۆی لە گووگڵ دا بگەڕێ. لەو کاتەدا ئەوان کارێکیان کرد کە خەڵکی بە دە زمانی دیکە دیتوانێ گووگڵ بەکار بێنێ.

ئێستاش گووگڵ ئیمکانی ئەوەی هەیە کە مرۆڤ بە ٨٨ زمانی دونیا لەوانە فارسی لە شوێن مەبەستی تایبەتی بگەڕێ.

لە مانگی ژوئن دا گووگڵ بە ناساندنی "ئەندیس"ە یەک میلیاردیەکەی خۆی،وەک گەورەترین ماڵپەڕی "لەشوێنگەڕان"ی ئینتەرنێت ناسرا. ئەمەش هەوەڵین جارە کە لە ڕاستاندا، ئاوەها گەورە لە زانیاری ئینتەرنێت لە شوێنێک کۆ دەبێتەوە.

هەر لەو مانگەشدا گووگڵ و یاهو ڕایانگەیاند کە ئەم دوو کۆمپانیایە پێکەوە هاوکاری دەکەن. ئەم هاوکاریەش سەرەڕای ئەوەی کە سەرکەوتنێکی فەنی بوو، لە لایەنی بازرگانیشەوە زۆر گرینگە. لەو ڕێکەوتەدا گووگڵ ڕۆژانە وەڵامی ١٨ میلیۆن خەڵکی دەدایەوە.

لە دوایین مانگەکانی هەمان ساڵدا هاوکاری ئەم شیرکەتە و شیرکەتگەلی چینی و ژاپۆنیش ڕاگەیەندرا.

یەکێکی دیکە لە نوێکاریەکانی گووگڵ کە Google Toolbar بە Toolbar ی فایلەکانی پرۆگرامی لەو شێنگەرانەکە زیاد دەبێ و بە بێ ئەوەی پێویست بێ مرۆڤ بڕواتە نێو لاپەڕەی یەکەمی گووگڵ، لێرەوە لە شوێن مەبەستەکەی خۆی بگەڕێ. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠دا گووگڵ هەر ڕۆژە وەڵامی سەد میلۆن خەڵکی دەدایەوە، بەڵام هێشتا دەیهەویست باشتر و ئاسانتر پەیوەندی بە کاربەرەکانی خۆیەوە هەبێ.

گووگڵ پرۆژەیەکی دیکەی هەبوو کە مرۆڤ بتوانێ لە ڕێگای موبایل تەلەفوونەوە لە بابەت و مەبەست بگەڕێ، کە ئەوەش گەیشتە سەمەر. لەو سەردەمەدا گووگڵ ڕۆژانە وەڵامی بە دەهەزار لەشوێنگەر دەدایەوە و بەرە بەرە سەرنجی ڕاگەیەنەرە گشتیەکانی

ئامریكا و دونیای بۆ لای خۆی راكێشا. لە مانگی سبتەمبەری هەمان ساڵدا، گۆڤاری PC Magazine ئەم سایتەی لە ریزی سەد سایتە باشەكانی ساڵدا گونجاند.

پەرە گرتن لە مانگی فۆریەی ١٩٩٩دا گووگڵ جێگا پێشووەكەی تەنگ بوو بوو، هەر بۆیە شیركەتەكەی گوازتەوە بۆ شوێنێكی گەورەتر.

ژمارەی بەرێوەبەرەكانی گەیشتە هەشت كەس و سرڤیسەكەیان رۆژانە وەڵامی پێنج سەد هەزار كەسی دەدایەوە.

گووگڵ توانی هەوەڵین مشتەری بازرگانی بۆ لای خۆی راكێشی، كۆمپانیای Red Hat كە بەشێك لە حەز و ئاواتەكانی بە گووگڵ لە بەر ئەوە بوو كە "لەري" و "سەرگي" لەسەر ئەوە پایان دادەگرت كە دەبێ سرڤیسەكانیان "لینوكسي" بی.

لە ٧ی مانگی ژوئني هەمان ساڵدا، گووگڵ رایگەیاند كە توانیوتی لە چەندین شوێنەوە داهات وەدەست بێنێ، لەوانە بیست و پێنج میلۆن دولار كە لە لایەن دوو كۆمپانیای سەرمایە گوزاریەوە لە پیشەسازی نوێیەێنەرەوە، شایانی باسە وەكی تر و لە كاتی ئاسایی دا، ئەم دوو كۆمپانیایە رەكابەری یەكترن.

بەڵام لەم بوارەدا لە بەر باری لەباری گووگڵ ئەم دوو شیركەتە توانیان پێكەوە لەسەر یەك مێز دانیشن. ئەم بارە لەبارەی گووگڵ كارێكی كرد كە كەسایەتی ناسراو پێوەست بن بە بەرێوەبەری گووگڵەوە و پۆستی گرنگ و گڵیلیان پێ بدری: "ئومید كوردستانی" لە كۆمپانیای Netscape وەك یاریدەدەری بازرگانی و فرۆشی گووگڵ و هەروەها "ئەرس هولزل" لە كۆمپانیای US Santa Barbara وەك یاریدەدەری ئەندازیاری گووگڵ دوو كەس لەوانن.

دەبێ ئەوەش بڵێین كە كۆمپانیای گووگڵ بووە هۆی ئەوەی كە ئەم دوو كۆمپانیایەی ناومان بردن، ناچار بن شوێنەكانی خۆیان بەجێ بێڵن و بار بكەنە ئەو باڵەخانە دوو نهۆمیەی ئێستای گووگڵ. كۆمپانیای AOL/Netscape ش گووڵ وەك سرڤیسدەری رەسمی خۆی بۆ لە شوێنگەران هەڵبژاردووە.

ئێستا ئیتر ئەم پرۆژە زانكۆییە، رۆژانە وەڵامدەری زیاتر لە سێ میلیۆن لەشوێنگەرانە.

لە ٢١ی مانگی سپتەمبری ساڵی ١٩٩٩دا، گووگڵ لۆگۆی "بتا" كە لە تەنیشت نیشانەی گوگڵەوە بوو لایبرد.




(نموونەی "بتا" دوایین نموونەیە لە سیستمگەلی نەرمەواڵە و پێش لە لاپەرەی سەرەكی یەكەیە. نموونەی "بتا" بە مانای ناتەواو بوونی سیستمی سرڤیسدەری نەرمەواڵەیە).

كرینی deja.com بوو بە هۆی ئەوە كە ئیمكاناتی باشتر لە سیستمی usenet دا پێك بێ، سەرەرای ئەوەش لە ئارشیوەكەیاندا ٥٠٠ میلیۆن پەیام خرایە بەر دەست گووگڵ.

لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا بەرهەمی هەموو هەوڵ و تێكۆشانی ئەم شیركەتە سەمەری دا و ئەم شیركەتە رایگەیاند كە گەیشتووەتە بەرهەم دان. لە هەمان ساڵدا ئەم شیركەتە پەیماننامەی لەگەڵ شیركەتگەلی كۆریایی، ئامریكای لاتینی، ئورووپایی و ...بۆ سرڤیسی باشتری لە شوێنگەران مۆر كرد.

سرڤیسی نوێی ئەم شیركەتە، گەران لە شوێنی وێنە بوو كە بۆ دەستپێك ٢٥٠ میلیۆن وێنە و دیمەنی لە خۆ گرت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە ئەم شیركەتە رێز لە خواستی مشتەریەكانی دەگری. لە كۆتایی هەمان ساڵدا رووداوێكی گرنگی دیكە لەم شیركەتەدا روویدا، ئەویش گەیشتن بە "ئەندیس"ێكی سێ میلیاردی بوو.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢وە گووگڵ بەرهەمێكی دیكەی دایە بازار، ئەویش نەرمەواڵەی گووگڵ بوو كە خاوەنی ماڵپەرەكان دەیانتوانی بە هۆی ئەم نەرمەواڵەوە، تەواوی زانیارییەكانی خۆیان "ئەندیس" بكەن تاكوو هەر كەس لە شوێنێكی دیكەوە، لە شوێنی ئەو زانیارییانە گەرا، بیاندۆزێتەوە.

بەرهەمی دیكەی نوێی گووگڵ لەو ساڵەدا پێشكەش كردنی Google News بوو كە بێجگە لە ٤٥٠٠ سایتی هەواڵدەری، كۆكراوەیەكی لە نوێترین هەواڵەكانی لە بیروڕای جیاواز و لەسەر بابەتی جیاواز بڵاو دەكاتەوە.

دواترین جموجۆڵی گووگڵ كە زۆریشیان لە سەر نووسی، كرینی سایتی blogger.com بوو كە گورەترین سایتە بۆ خزمەتگوزاری وبلاگ لە دونیا دا، ئەمەش هەر وەك كرینی deja.com دەتوانێ موژدە هێنەری گۆرانكاری باش لەم پێوەندیەدا بی.

گووگڵ هەر وەك جاران لە تێكۆشاندایە بۆ ئەوەی رێگای نوێتر و باشتر لە پێوەندی لەگەڵ "لەشوێنگەران"دا بە بەكارهێنەرەكانی خۆی پێشكەش بكا. ئامانجی گووگڵ رێكوپێك كردنی زنیارییەكان و پێشكەش كردنیانە بە هەمووان.

سەرچاوە:
رۆژنامەی ئێران، دووشەممە، ١٩ تیری ١٣٨٢ی هەتاوی

بەستەری ئەم بابەتە:
/http://www.zkurd.org
Besh=witar&kar=asayi&jima?
re=298

ئەم بابەتە لە (زانستپەروەرانی كورد) وەرگیراوە.